www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-10-2006 22:08

## سوپاس کاک مەسعوود ... کۆسار ئەحمەد

بەر لەچەندرۆژێك لەمەوو بەر بەرێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردوستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردوستان لەکۆڕێکی رۆژنامەگەریدا کەبەتایبەت بو رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران ساز درابوو، بەرێزیان لەگفتووگۆکەیدا کەزۆر بەهێمنی ئەوەی دەیوویست لەوریگەیەوەکورد دەڵێ (بووکێ لەگەڵ تۆمەو خەسوو گوێت لێبێ) بدا بەرووی خەڵکداوو ئەوەی کاك مەسعوود ویستی گەیشت، کەلەووباوەڕەدام ئەم زمانەو ئاخافتنە تەنها هی ئەم بەرێزە نییە بەڵکوو هەموو ئەو حکومەتانەیەی کەلەسەر بوورکان ونارەزایەتی و نایەکسانی خەڵکدا قەراریانگرتوە، نەخۆزگە ئەم حکوومەتە لەرزۆکەیە کەخۆیان بەرەش لەسەرسپی ئەی نووسن و باسی کرمۆڵی وئەو ترسانەدەکەن کەلەسەرئەم دەسەلاتەو دوارۆژیان لەئارادایە کەبەچ شێوەیەك دوارۆژیان نادیاروو تاریکە، هەر ئەوەشەوای لەو زاتەکردووەکەبەم جۆرە سانایە بیەوێت ئەوەبڵێ و هەر واش تێبگات ئەمەشییان وەك ئەوانی دیکەگوزەشت، بەلاّم نەبرا ئەوانەی وایان لێگەیانوون و خاوەنی سەرخەتی سییاسیشتانن هەر لەچوار دیواری قیلاکانیانەوەدونیا دەبینن چونکە ئەوانە خەڵك و کۆمەڵگا بەجێی هێشتوو ن باوەریش مەکەن جارێکی دیکەلەئامێزیان بگرێتەوە، بۆیەبەبەرێزتان دەڵێم هەر لەپەراوێزی ئەوگفتوو گۆی بەرێزتاندا نەك خالێك بەڵکوو لەسەرەتاوەتاکۆتاییەکەی بێ هێزی و ناکارامەیی دارێژەران و سیاسەت مەدارنتان دەر دەخا، بەندەش بەحەقی خۆمی دەزانم کەهەم سەرۆکی هەرێیمانیت و هەم سەرۆکی حزبێکی لەدەسەلاتدا هەڵوێستەیەك لەسەر گفتوو گۆکەتان بکەێن،

بەرێز کاك مەسعوود

هیوادارم پێش هەمووشتێك بەرێزتان جوابی ئەم

چەند پرسیارەبدەنەوە؟

1- هەر لەزاری بەرێزتانەوەگفت درا کەڤیلا تەجاوزەکان چاویان پێدا دەخشێنرێتەوەمەبەستت ئەوەبووسەیریان بکەیت یان ئەوانەی بەعەنتەر بازیوو خولەچەخماخەیی داگیریان کردوەوو لەکیسەی هەمیشەخاڵی خەڵك بونیاتی کۆشکی شاهانەیان کردوەکەبگەرێنرێتەوەبۆ خەڵك ئەی کوا؟

2- بەرێزتان سەرۆکی هەرێمن لەزاخۆ تا خانەقین ئەگەروایە ئەی کوا؟

3- ووتیان لێژ نەیەك بۆ بەدوادا چوون و گەڕان بۆفایلداروو نۆکەری بەعس دامەزراوە؟ لێم ببورەقوربان ئەگەر بێ ئەدەبی نەبێ لەروتانا پێویسی بەگەڕان نیەمن پێت دەڵێم ئەگەروویستان،

4- سەرۆکی حکوومەتەکەتان باسی لەئازادی سیاسی و ڕادەر برین کرد ئەگەر وایەیەك رۆژنامەی ئازاد لەژێر رکێفی دەسەلاتی ئێوەدا تاوان بارانی کەبەگوولە لەخۆپیشاندانەکانی کەلار و کفری وهەڵەبجەو ئاکرێ و هتد، وەلاّمی خەڵکیان دایەوەئەی بۆنەدرانە دادگا؟

5- بەرێزتا باسی پێشکەوو تن و ئازادی دادگاتان کرد لەچ حکوومەتێکی دوونیای دیموکراتیدا عەشیرەت و عەمامە بەسەر توانی بێتی تەلەفزێۆنێ دابخا یان سەرۆك لێبوردنی گشتی دەربکا؟

6- کام وەزیر یان پەرلەمانتاری هەرێم لەدزی و فزیان کۆڵرایەوە ئەی پرسیارتان لێکردوون ئەو هەموو پارەیان لەکوێ بوو؟

7- دەتوانن پێمان بڵێن لەکوردوستاندا چەن مزگەووتان دروست کردوەو چەن قوتابخانە؟

8- ئێوەووتان تاساڵی (2007) کەرکوك دەگەڕێتەوەباووشی کوردوستان وا (3) مانگی ماوەئەی بۆ ئەوەچی دەڵێن؟

بەڕێزم مرۆ دەبێت خاوەنی گفت و قسەی خۆی بێت نەك بۆخەڵك بەڵکوو وەفایەبۆقسەکانی خۆیَ، تائێرەلەگەڵ ئێوەی دەسەڵاتدا کورتمان هێنا بەری ڕۆژ بەبیَ ژنگ ناگیرێت، ڕاستەبەڕێزتان خاوەن سەڵیقەنوو زۆربەڕێزەوەدەپەیڤن بالاْم ئەوەدادی ئێوەنادات و برینی قوڵی ئێمەش تیمار ناکات، ناتوانێت خەڵك لەچاوەڕوانیدا بهێڵێتەوەئەوەتا دیسان کۆمەڵ کۆمەڵ وولاّت بەجێ ئەهێڵرێت و لەکەناری زەرییای وولاّتانی پڕ غووربەتدا لەنگەر ئەگرن ئێوەو هاوچینتان لەخەووی شرینتاندا خەیاڵی دوونیایەکی بیَ ئێمەئەکەن گرفتمان ئێوەیەبیَ دەستووری نیەبۆ وولاّت کەی توانیتان وەلاّم بەمانەبدەنەوەئەوجا قسەی تر لەسەر دەستوورو کۆتای دەسەڵاتان دێتەئاراوە

Kosar_ahmad@1hotmail. com